عەتوانی: هەر لایەنێک ڕێگری بکات لە دابەشکردنی ڕاستەوخۆی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم لە بەغدادەوە لەپرسینەوەی لێگەڵ دەکرێت

سەرۆکی لیژنەی دارایی ئەنجومەنی نوێنەران ڕایگەیاند، بەپێی بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی لە عێراق، بەهەمان ڕەوشەنێکانی دابەشکردنی مووچە لە عێراق مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمیش دابەشدەکرێت، هەر کەسێکیش ببێتە ڕێگر لەبەردەمیدا لەپرسینەوەی لێگەڵ دەکرێت.

عەلی عەتوان عەتوانی سەرۆکی لیژنەی دارایی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ڕایگەیاند، "ئێو مووچەیەی بە هەرێمی کوردستان ڕەوانە دەکرێت بەشێک دەبێت لە 12.67% ی بەشە بوودجەی هەرێم، ئەوەی لێیدەمێنێتەوە بە خەرجییەکانی دیکەی هەرێم و پێداویستییەکانی خەرجدەکرێت".

ئاشکراشیکرد، لەمودوا مانگانە وەزارەتی دارایی عێراق مووچەی فەرمانبەران و خانەنشینانی هەرێم دەنێرێت، داوایشی لە بەرپرسانی هەرێم کرد، خێیان لێگەڵ بیارکە بگونجێنن و بە شێوەیەکی ئاسایی مامەڵەی لێگەڵ بکەن.